چامپیۆنزلیگ..مانچستەر یونایتد بە سێ گۆڵ لەگەڵ گەلەتەسەرای یەکسان بوو

لە کۆمەڵەی یەکەمی چامپیۆنزلیگ یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی لە دەرەوەی یاریگای خۆی رووبەرووی یانەی گەلەتەسەرای تورکی بوویەوە.

لە گەمی یەکەمدا یونایتد بە بەهێزی دەستی پێکرد و توانی لە خولەکی 11 گۆڵی پێشکەوتن لەلایەن گارناچۆ تۆماربکات و پاش حەوت خولەک لە گۆڵی یەکەم ، برۆنۆ فێرناندێز گۆڵی دووەمی یانەکەی تۆمارکرد، بەڵام لە خولەکی 29 حەکیم زیاش بە لێدانێکی راستەوخۆ جیاوازییەکەی کەم کردەوە بۆ گۆڵێک.

لە گەمی دووەم یارییەکە رکابەرییەکی بەهێزی بە خۆیەوە بینی و ماکتەمیانی لە خولەکی 55 گۆڵی سێیەمی مانچستەری تۆمارکرد بەڵام یانە تورکییەکە خۆیان نەدا بەدەستەوە و لە خولەکی 62 دووبارە حەکیم زیاشی مەغریبی بە لێدانی راستوخۆ گۆڵی دووەمی تۆمارکرد و لە خولەکی 71 کەریم ئەکتۆرکۆغلۆ سێیەم گۆڵی یانە تورکییەکە تۆمارکرد.

بەمەش یانەی مانچستەر یونایتد بە سێ گۆڵ لەگەڵ گەلەتەسەرای یەکسان بوو ، بە کۆکردنەوەی چوار خاڵ لە پلەی چوارەم جێگیر بووە ، هەروەها گەلەتەسەرای بە پێنج خاڵ بە شیوەییەکی کاتی لە پلەی دووەم دەبینرێت.